

# لە کۆنفۆدا قەرەداغ بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان

هەفتەی رابردوو لە هۆڵی داخراوەی بنەسڵاوە لە شاری هەولێر کۆتایی بە پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بۆ کۆنفۆ هات، کە تیاییدا ١٨ یانە و ٩٣ یاریزان بەشدارییان تیاییدا کردبوو، ئەویش هەریەکە لە یانەکانی ( پێشکەوتن، چوارقوڕنە، قەرەداغ، بەختیاریی، سەرچنار، بابەگوڕگوڕ، رانیە، کۆیە، تەق تەق، ئاشتی، داقوق، خاك، شۆڕیجە، جیهان، دهۆك، زێرەڤانی، ئارارات، پیرەمەگروون) و ماوەی سێ رۆژی خایاند.

لەم پاڵەوانێتییە یانەی قەرەداغ توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بە دەستبهێنێت و پلەی یەکەم بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دوای رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکان، ئەوەی تێبینی دەکرا ئاستی یاریزانەکان لەم پاڵەوانێتییە پێشکەوتوو بوو.

ئەنجامی کۆتایی پێشبرکێکە بەمشێوەیە بوو.

١- یانەی قەرەداغ، ٢- یانەی چوارقوڕنە، ٣- یانەی بەختیاری.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی کۆنفۆی کوردستان و بە هاوکاری لقی هەولێری یارییەکە بەڕێوەچوو و گشت خەرجییەکانیش لە لایەن لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دابین کرابوو.

## لە مەلەوانیدا پێشمەرگەی هەولێر و غاز شیمال کۆنترۆڵی پاڵەوانێتی کوردستانیان کرد

هەفتەی رابردوو لە شاری سلێمانی بە بەشداریکردنی ٢١ یانەپاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بۆ مەلەوانی لەسەر ئاستی پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان بۆ کوڕان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا یانەکانی غاز شیمال و پێشمەرگەی هەولێر کۆنترۆڵی پاڵەوانێتیەکەیان کرد، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان


١- غاز شیمال ٣٠ خاڵ، ٢- دووکان ٢٨ خاڵ، ٣- پێشمەرگەی هەولێر ٢٨ خاڵ.

ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی لاوان

١- پێشمەرگەی هەولێر ٣٦ خاڵ، ٢- ئارارات ٢٠ خاڵ، ٣- پیرەمەگروون ١٩ خاڵ.

ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی پێشکەوتووان

١- پێشمەرگەی هەولێر ٣٦ خاڵ، ٢- دووکان ٢٤ خاڵ، ٣- سەرچنار ٢١ خاڵ.



### شۆخان قادر:

# کێشەی ئێمە نەبوونی شوێنی گونجاوە بۆ مەشق کردن



شۆخان قادر یەکێکە لە کچە یاریزانە هەر بە تواناکانی کوردستان و عێراق لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شارۆچکەی رانیە و تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە هەریەکە لە یانەکانی رانیە و ئارارات یاری کردووە لە یاری بادمنتۆن و تۆپی پێ و تۆپی باڵە و تۆپی دەستدا یاری کردووە و دواتر رووی لە بەرزکردنەوەی قورسایی کردووە، لەم یارییە دووجار پاڵەوانی کوردستان بووە و جارێکیش پلەی دووەمی بە دەستهێناوە و یەك جار توانی ببێتە پاڵەوانی عێراق، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەنجام بدەین.



*** بۆچی یاری بەرزکردنەوەی قورساییت هەڵبژاردە؟**

- چونکە یارییەکی دەگمەنە و زۆرم حەز لەم یارییە بوو لەسەر ئاستی کوردستان چونکە لە کوردستان بۆ کچان یارییەکی تازەیە، بۆیە هەڵمبژارد. هیوادارام زیاتر بایەخی پێبدرێت.

*** لە رانیە تا چەند وەرزشی ئافرەتان بایەخی پێ دەدرێت؟**

- تا رادەیەك بایەخی پێ دەدەن، بەڵام بەمشێوەیە نییە. هیوادارم زیاتر گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی پێش بکەوێت.

*** چۆن دەڕوانیتە ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان؟**

- بەداخەوە ئاستی وەرزشی ئافرەتان لە کوردستان وەکو پێویست نییە، چونکە بەرپرسانی وەرزشی زیاتر بایەخ بە تۆپی پێ دەدەن، هیوادارم کوردستانیش بۆ وەرزش چاو لە وڵاتانی دەرەوە بکات، چونکە لەوێ ئەوەی کە گشت یارییەکان بکات بە یەك چاو سەیر دەکەن.

*** کێشە و گرفتتان چییە؟**

- کێشەی ئێمە نەبوونی شوێنی گونجاوە بۆ مەشق کردن و هەروەها لە لایەن بەرپرسانی ئەم بوارەوە بایەخمان پێ نادرێت، ئەمانە کێشەی سەرەکی ئێمەن.

*** لە ماوەیەکی کورتدا توانیت ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنیت، ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت یانەی ئارارات زۆر بایەخمان پێ دەدات و هەموو پێداویستییەکمان بۆ دابین دەکات، زۆر سوپاسیان دەکەم و ئەم ئەنجامە بەرچاوانەی من بۆ ماندووبوونی ئەوان دەگەڕێتەوە.

**لە کۆتایی قسەکانیدا شۆخان گوتی:**

زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم، بە تایبەتی بەرپرسی لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رانیە، کە هەردەم پاڵپشتم بووە و هەموو شتێکی بۆ دابین کردووم و سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەم دەکەم.

فۆتۆ: ئیسماعیل رەئوف

# ڕۆناڵدۆ کاتی نییە سەیری لیگا بکات

ئەســـتێرەی بەناوبانگی بەرازیلی ڕۆنالدۆ کە بە دیاردەی تۆپی پێ ناسراوە دووپاتی کردەوە کە ئێســـتا کاتی نییـــە بۆ ئەوەی سەیری یارییەکانی خولی ئیسپانیا بکات، ڕۆنالـــدۆ کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو ئەســـتێرانەی کە لە لالیگا یاری کردووە و لە هەردوو یانـــە زەبەلاحەکە ریال مەدرید و بەرشـــەلۆنە ئەســـتێرەی یەکـــەم بووە و نازناوەکەی بەدەســـتهێناوە، لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی گلۆبۆ سپۆرتی بەرازیلی گوتی : بێگومان خولی ئیســـپانیا بەلای منەوە بەهێزتریـــن خولە لە جیهـــان، منیش ئەم خولەم خۆش دەوێت، بـــەڵام بەداخەوە لەم دواییە بە چەند کارێك سەرقاڵ بووم ئەوەش بووە هۆی ئـــەوەی کە نەتوانم ســـەیری زۆربـــەی یارییەکانی لیگا بکەم، لەگەڵ ئەوشـــدا هەر کاتێك دەرفەتم بۆ بڕەخسێت ئەوە سەیری یارییەکان دەکەم.

لە لایەکی دیکەوە ڕاپۆرتـــە هەواڵەکانی وڵاتی بەرازیل دووپاتیان کردەوە سەرۆکی یەکێتی تۆپـــی پێی بەرازیل تیکســـییرا هەوڵ دەدات یاریزان و ئەستێرەی مێژوویی ڕۆنالدۆ بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتی مۆندیالی ٢٠١٤ دەســـت نیشـــان بکات، ڕۆنالدۆ گۆڵکاری مێژوویی مۆندیالە بە ١٥ گۆڵ و لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشـــداری لە چوار مۆندیال کردووە و لە ســـاڵی ٢٠٠٢ جامی جیهانی بەدەســـت هێناوە جگە لەوەی کە ڕۆنالدۆ پێگەیەکی بـــە هێزی هەیە لە نێوەندەکانی تۆپی پێی جیهانی.





# فیلیب لام: لە یانەی بەرشلۆنە نزیک دەبینەوە

یاریـــزان و کاپتنی یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی فیلیب لام رایگەیاند کە یانەکەی لە ڕووی ئاستی هونەرییەوە لە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نزیك دەبێتەوە و ئێستا دەتوانێ ململانێی یانەی بەرشلۆنە بکات لە سەر نازناوەکانی خولی یانـــە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، فیلب لام لـــە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی گوتی: پێش چەند ساڵێك دەکرا بڵێین لە کۆی ١٠ یاری بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لەوانەیە یانەکەمان لە ٩ یاری تووشـــی دۆڕاندن بێت، بەڵام ئێســـتا بارودۆخەکـــە گۆڕاوە و دەتوانین ململانێی یانەی بەرشـــلۆنە بکەین و لێیان ببەینەوە.

فیلب لام ستایشی توانای ڕاهێنەر یۆب هاینکس و کارەکانی لەگەڵ یانەی هەرێمی باڤاریای کرد و لە درێژەی قســـەکانی گوتی: ئێمە ڕووی ئاســـتی هونەرییەوە لە یانەی بەرشلۆنە نزیکین، ئەم کارەش بە هەمان شـــێوەیە لەسەر ئاستی نێودەلەتی نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئیسپانیا، من ئێستا هەمان هەستم هەیە لەگەڵ یانەی بایرەن و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کە دەتوانین ئەو دوو تیپە گەورەیە، یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڕابگرین.

# ماتا: هەمووومان پشتگیری لە بواس دەکەین



**یاریزانی لاوی هێلی ناوەڕاستی یانەی چێلسی خوان مانوێل ماتا دوای لە ســـەرجەم یاریزانانی یانەکەی کرد کە پشتگیری لە راهێنەری پورتوگالی ئەندرێ ڤیلاس بواس بکەن بـــە تایبەتی دوای ئەو رەخنانەی کە ئاراســـتەی راهێنەری ناوبراو کرا لـــە لایەن هانـــدەران و دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانیا بە هۆی ئەنجامە خراپەکانی یانەی بلوز لە خولی ئینگلتەرا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ماتا گاڵتەی بەو هەواڵانـــە دەهات کە گوایە ناکۆکی لـــە نێوان بواس و یاریزانـــەکان لە ئارادایە و گوتـــی: ئێمە هەمووومان باوەڕمان بە خۆمـــان هەیە وەك یەك تیپ، هەروەهـــا ئێمە هەمووومان باوەڕمان بە راهێنەرەکەمان هەیە کە دەتوانین یانەکەمان بەرەو ئاراستەی دروست ببەین.**

**هەروەها ماتا لـــە درێژەی لێدوانەکـــەی گوتی: تیپەکەمان هـــەردەم یەکگرتووە و متمانـــەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین بەرەو پێش بڕۆین بۆ ئەوەی تاموچێژ لە سەرکەوتنەکان وەربگرین، ئەوەی دەمانەوێ زاڵبوونە بە ســـەر کاتە تەنگژەکان بۆ ئەوەی بە بەهێزی بمێنێینەوە.**

**شـــایانی باسە یانەی چێلسی هەڕەشەی دەرکردنی لێدەکرێت لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و پێویستە لە دوا یاریدا سەرکەوێت بە سەر یانەی ڤالانسیا بۆ ئەوەی لە خولەکە بەردەوام بێت.**

# ٤٠ ملیۆن پاوەند بۆ ئەدینسۆن کاڤانی




وا دیارە یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی کە لە پێشەنگی خولی ئینگلتەرا دێت هەوڵ دەدات بۆند لە گەڵ هێرشبەرێك مۆر بکات لە وەرزی زستانەی گواستنەوەی یاریزانان بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕۆیشتنی یاریزانی ئەرژەنتینی کارلۆس تیڤیز بە هۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ڕاهێنەری یانە ڕۆبەرتۆ مانشینی، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی ڕایگەیاند دەستەی کارگێڕی یانەی مان سیتی ئامادەیە بڕی ٤٠ ملیۆن پاوەند بداتە یانەی ناپۆلی ئیتالی بۆ کڕینەوەی یاریزان ئەدینسۆن کاڤانی، ڕۆژنامەکە دووپاتیکردەوە کە ڕاهێنەر مانشینی سەرسامە بە ئاستی هێرشبەری ئۆرگوایی و لە پێشەوەی بایەخەکانی خۆی داناوە بۆ ئەوەی پەلکێشی بکات بۆ یانەکەی، لەو کاتەی کە یانەی ناپۆلی ئامادەیی خۆی نیشانداوە گفتوگۆ بکات دەربارەی بۆندەکەی یانەی مان سیتی.

یاریزان کاڤانی تەمەنی ٢٤ ساڵە و یەکێکە لە گۆڵکارە بە تواناکانی خولی ئیتالیا و زیاتر لە جارێك ڕایگەیاندووە کە ئەو خۆشحاڵە لە یانەی ناپۆلی و هەوڵدەدات یارمەتی ئەو یانەیە بدات لە هەردوو پاڵەوانیەتی خولی ئیتالیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

لە بەرامبەردا یانەی پاریس سان جێرمانی فەرنسی ئامادەیی خۆی نیشانداوە بڕی ٧٥ ملیۆن یۆرۆ تەرخان بکات بۆ کڕینەوەی یاریزان کاڤانی.

# دەسکەوتێکی مێژوویی دیکە بۆ ڕۆجەر فیدرەر



یاریزانی بەناوبانگی یاری تێنسی سەر زەوی سویسری ڕۆجەر فیدرەر پارێزگاری لە نازناوی پاڵەوانییەتی لەندەن ماستەرز کرد، کە دوا پاڵەوانییەتی ماستەرزی وەرزی ٢٠١١ بوو، لەیاری کۆتایی کە لە هۆڵی ئۆتو لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو، یاریزان فیدرەر لە بەرامبەر یاریزانی فەرنسی جۆ ویلفەرد تسۆنگا یاری کرد بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٨ هەزار کەس کە هەندێکیان ئەستێرەی تۆپی پێ بوون وەك کریستیانۆ ڕۆنالدۆ و ڕۆبن ڤان پێرسی و تیری هێنری، هەردوو یاریزان یارییەکی پڕ حەماسەتیان پێشکەش کرد کە تیایدا یاریزان ڕۆجەر فیدرەر توانی نازناوەکە بباتەوە، دوای سەرکەوتنی بەسەر تسۆنگا بە ئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆمەڵەیەك، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٦ – ٣، ٦ – ٧، ٦ – ٣ ) بوو، یاریەکەش دوو کاتژمێر و ١٨ خولەکی خایاند.

فیدرەر بە بەدەستهێنانی ئەم نازناوە ١٥٠٠ خاڵی وەرگرت کە ئەم یاریزانەی لە ریزبەندی باشترین یاریزانانی جیهان گەڕاندەوە پلەی سێیەم، لە دوای هەردوو یاریزان نۆڤاك جۆکۆڤیجی یەکەم و ڕافاییل نادالی دووەم، لە هەمان کاتدا فیدرەر خەڵاتی یەکەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە یەك ملیۆن و شەش سەد و سی هەزار دۆلار، ئەم نازناوەش شەشەمین نازناوە لە پاڵەوانییەتی ماستەرزی کۆتایی ساڵ، کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و پێشتر لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ نازناوەکەی بەدەست هێناوە.

یاریزان ڕۆجەر فیدرەر تەمەنی ٣٠ ساڵە و تا ئێستا ١٠٠ یاری کۆتایی ئەنجام داوە و ٧٠ نازناوی بەدەست هێناوە کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانیە.









ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# کچانی ئەکاد بوونە پاڵەوانی عێراق بۆ تۆپی باسکە

هەفتەی رابردوو لە هۆڵی داخراوەی یانەی ئەکاد پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق بۆ تۆپی باسکەی کچان بە بەشداریکردنی پێنج یانە ئەویش هەریەکە لە (ئەکاد، سیروانی نوێ، سەنحاریب، قەرەقۆش، بەلەد) بە کۆتا هات، ئەم پاڵەوانێتییە بەشێوازی خول بە یەك قۆناغ بەڕێوەچوو و ماوەی ٥ رۆژی خایاند، کە تیاییدا کچانی ئەکاد توانیان نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن دوای ئەوەی توانیان لە چوار یاری سەرکەوتن بە دەستبهێنین و یانەی سیروانی نوێ لە پلەی دووەم هات.
لەم پاڵەوانێتییەدا کچە یاریزانی یانەی سیروانی نوێ چۆمان نەواف بە باشترین یاریزانی تازەپێگەیشتوو دەستنیشان کرا و، کچە یاریزانی یانەی سەنحاریب ئیڤۆ ربن داود بە باشترین یاریزانی پاڵەوانێتییەکە و باشترین یاریزان یاریزان لە بەدەستهێنانی سێ خاڵ دەستنیشان کرا.
ریزبەندی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە بوو.
١- ئەکاد ٨ خاڵ، ٢- سیروانی نوێ ٧ خاڵ،
٣- سەنحاریب ٦ خاڵ، ٤- قەرەقۆش ٥ خاڵ،
٥- بەلەد ٤ خاڵ.





## بۆ پایسکلسواری راهێنەرێک و سێ یاریزانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقدان

هەفتەی رابردوو لە شاری بەغداد شاندی هەڵبژاردەی پایسکلسواری عێراق بەرەو وڵاتی ئێران بەرێکەوتن، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی یارییەکانی وڵاتانی عەرەب، کە بڕیار وایە٩ی ئەم مانگە لە وڵاتی قەتەر بەڕێوە دەچێت، لەم هەڵبژاردەیەدا راهێنەرێك و سێ یاریزانی کوردی تێدایە، لە لێدوانێکیدا موسا موحسین راهێنەری یانەی هەولێر و یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق گوتی: بە مەبەستی خۆئامادەکردنمان بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی، کە لە ٩ی ئەم مانگە لە وڵاتی قەتەر بەڕێوە دەچێت ئۆردوگایەکی مەشقیمان لە وڵاتی ئێران ئەنجامدا، چونکە ئەو شوێنەی کە ئۆردوگایەکەمان لێئەنجامدا کەشو هەوای زۆر نزیکە لە کەش و هەوای وڵاتی قەتەر.
لە درێژەی قسەکانیدا موسا موحسین گوتی: لە ریزی هەڵبژاردەی پایسکلسواری عێراق سێ یاریزانی کوردی تێدایە، ئەویش هەریەکە لە یاریزانانی یانەی هەولێر جۆڤان تۆمی و ئامانج شێرزاد و یاریزانی شاری کەرکووك یوسف عەزیز.
لە کۆتایی قسەکانیدا موسا موحسێن گوتی: ئێمە چاوەڕوان دەکەین لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باش بە دەستبهێنین، چونکە ئاستی یاریزانەکان بەرزە.
جێگەی باسە راهێنەری ئێرانی مەجید راهێنەری هەڵبژاردەی عێراقە بۆ پایسکلسواری.

# یانەی هەولێر دەستبەرداری یاریزانێک بوو

هەفتەی رابردوو دەستەی کارگێڕی یانەکە لەسەر داوای دەستەی راهێنەرانی یانەکە بەفەرمی دەستبەرداری یاریزانی پیشەگەری سوری جوان حەسۆ بوون، دوای ئەوەی یاریزانی ناوبراو لە مەشقی رۆژانە و یارییە دۆستانەکان ئاستی وەکو پێویست نەبوو، ئەم یاریزانە لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵ بە بڕی ٣٠ هەزار دۆلار بۆ ماوەی دوو وەرز گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەولێر مۆرکرد و پێشتر لە یانەکانی جەیش-ی سوری و هەڵبژاردەی سوریا یاریکردووە.



لە لایەکی ترەوە رەنگە دەستەی کارگێڕی یانەکە بەفەرمی دەستبەرداری یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق موسەنا خالید بێت، بۆ بەرژەوەندی یانەی قوەی جەوییە. دوای ئەوەی گفتوگۆیان لەو بارەوە کرد.

جێگەی باسە یاریزان موسەنا خالید بە بڕی ٩٠ ملیۆن دینار بۆ ماوەی یەك وەرز گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەولێر مۆرکرد، بەڵام دوای چەند رۆژێك ناوبراو گرێبەستێکی تری لەگەڵ یانەی شورتە مۆرکردووە.

## چاپی دووەمی کتێبی یاساکانی تۆپی دەست، کەوتە بازار



دوای ئەوەی پارساڵ دکتۆر سەعید نەزار چاپی یەکەمی کتێبی (یاساکانی تۆپی دەست )ی چاپکرد سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، لە چەند رۆژی رابردوو نابراو چاپی دووەمی کتێبی (یاساکانی تۆپی دەست)ی خستە بە دیدەی وەرزشوانانی کوردستان، لەم کتێبە باسی تازەترین گۆڕانکارییەکانی یاسای تۆپی دەست دەکات، ئەم کتێبە وەرگێڕاوە لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی شیرینی کوردی، کە تیاییدا راهێنەران و ناوبژیوانان و یاریزانانی تۆپی دەست لە کوردستان دەتوانن سوود لەم بەرهەمە وەربگرن لە هەمان کاتدا نابراو ئەم کتێبەی پێشکەشی کتێبخانەی پەیمانگای وەرزشی هەولێر و کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین کردووە و هەموو کۆلێژەکانی کوردستان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

جێگەی باسە دکتۆر سەعید نەزار مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستانە و تاکە رێگەپێدراوە لە لایەن یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بۆ چاپکردنی یاساکانی تۆپی دەست بە زمانی کوردی.

## کچانی هەولێر بوونە پاڵەوانی یانەکانی هەولێر بۆ گۆڕەپان و مەیدان

هەفتەی رابردوو لە بنکەی وەرزش و لاوانی عەنکاوە پاڵەوانێتی یانەکانی شاری هەولێر بۆ گۆڕەپان و مەیدان بەڕێوەچوو لەسەر ئاستی کچان، لەم پاڵەوانێتیە پێنج تیپ بەشداری کرد، ئەویش هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، ئالا، شەقلاوە، کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین، پەیمانگای وەرزشی هەولێر)، لەم پاڵەوانێتییەدا کچانی هەولێر باڵا دەستی خۆیان نیشاندا و توانیان پلەی یەکەم بە دەستبهێنین، دوای ئەوەی لە گشت پێشبڕکێکان پلەی یەکەمیان بە دەستهێنا.

ریزبەندی تیپەکان بەمشێوەیە بوو.

١- هەولێر ٧٠ خاڵ، ٢- یانەی ئالا ٣٨,٥ خاڵ،٣- پەیمانگەی وەرزشی هەولێر ٣٧,٥ خاڵ.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی لقی هەولێر بەڕێوەچوو.

# ژمارەیەکی بەرچاوی یانەکانی کوردستان بەشدارییان لە ماراسۆنی بەیرووتی نێودەوڵەتی کرد

لە بەیروتی پایتەختی لوبنان بە ئامادەبوونی نزیکەی ٣٢ هەزار کەس، کە نوێنەرایەتی ٨٢ وڵاتی جیهانیان دەکرد فیستیڤاڵی ماراسۆنی نێودەوڵەتی بەیروت لە ژێر ناونیشانی « وەرە شەقام و راکە» ئەنجامدرا.

لەم ماراسۆنەدا هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (سلێمانی، دهۆك، کەرکوك) و یانەکانی ( ئارارات، کەرکوك، خاك، شۆریجە، سۆلاقی نوێ، لەیلان، ئەرمەن، ئاشوور، ئالا، دوز، هاوکاری، کارەبا، باقووبە) و هەڵبژاردەی عێراق نوێنەرایەتی عێراقیان دەکرد لەم ماراسۆنەدا.

لە ماراسۆنەکەدا یاریزانەکان رکابەرییان لە ٧ جۆرە پێشبڕکێ دەکرد، ئەویش راکردن بۆ (١٠ ) کم، کە زۆربەی یاریزانە کوردەکان بەشدارییان تێدا کرد تەنیا لەم ماوەیەدا نزیکەی ٢٥ هەزار راکەر بەشدارییان تێدا کرد .



فۆتۆ: هەرێز

لە پێشبڕکێی ئەمساڵدا تەنیا پلەی یەکەم بۆ سێیەم هەژمار کراو بە پێی راپۆرتی میدیا سەنتەری ماراسۆن لە رۆژانی داهاتوودا سەرجەم پلەکانی داهاتوو بڵاو دەکەینەوە لەم راکردندا هەریەکە لە ئارام و رەوەند لە پلەکانی ١٠تا ١٥ خۆیان بینیەوە هەروەها لەهەمان ماراسۆندا کچە یاریزان دالیا ئەحمەد توانی ژمارەی پێوانەیی خۆی بشکێنێت و پێشبڕکێکە بە ماوەی (٤٧) خولەك تەواو بکات لە ریزبەندی ١٠ یاریزانی یەکەم بوو.

لە راکردنی (٥)کم هەریەکە لە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق کەرار حەمید و کەرار جەواد توانیان پلەی یەکەم و دووەم بە دەستبهێنن.

لە لایەکی ترەوە یاریزانی عێراقی ئەحمەد عوەید توانی پلەی یەکەم لە راکردنی (٥)کم لەسەر ئاستی تەمەن ١٣ -١٥ ساڵ بە دەستبهێنێت و لە راکردنی (٤٢کم) بۆ تیپەکان یانەی مینا توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت.